# ڕۆڵ وکاریگەری ( عەقیدە ) لە ژیانی مرۆڤدا

[ کردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی: عبدالسلام موحەمەد پشدەری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( أثر العقيدة الصحيحة على حياة الإنسان )

« باللغة الكوردية »

إعداد: عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ڕۆڵ وکاریگەری ( عەقیدە ) لە ژیانی مرۆڤدا

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود ڕەحمەتی نەپراوەش بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد، وەبۆ سەر گیانی ئال وبەیت وهاوەڵانی هەتا هەتایە.

( عقیدە) مانای ئەوەیە: شتێك تەواو بەڕاست بزانیت وباوەڕی پێ بکەیت بەبێ بوونی هیچ گومان ودوودڵیەك،ئەمەش ئەو بیروباوەڕ وعەقیدە یەقینەیە کەباوەڕداران وموسڵمانانی لەسەرە، بیروباوەڕ وعەقیدەی ڕاست ودروستیش حاڵی حازر تەنها ئەو عەقیدەیەکەلەئیسلامدا بەدی دەکرێت، ئەویش عەقیدە وبیروباوەڕی سەرجەم پێغەمبەرانە( صەڵات وسەلامی خوایان لێ بێت ) عەقیدەی یەکتاپەرستی وئیخلاصەبۆ خوای باڵادەست وبەتوانا .

عەقیدە وبیروباوەڕی ئیسلام: ئەو عەقیدەیە کەفطرەتی ئادەمیزای لەسەر دروست بووە، ئەو عەقیدەیەی کەخاوەنەکەی شکۆدار دەکات، لەزەویەوەبەرزی دەکاتەوەبۆ ئەوەی پەیوەستی بکات بەئاسمانەکان وهەموو گەردوونەوە، تاوەکو لەگەڵ سەرجەم دروستکراوەکانی خوادا تەسبیحات وسوپاس گوزاری خودا بکات لەسەر تەواوی نیعمەتەکانی کەپێی بەخشیوە، ئەو بیروباوەڕەی کەمرۆڤ دەگەیەنێت بەخۆشبەختی دونیا ودواڕۆژ .

ئیسلام داوای ئەوەیە لەمرۆڤی موسڵمان : کەباوەڕەکەی گرێ بدات بەدڵ ودەروونیەوە بەشێوەیەك هۆش وبیرو ژیرییشی لەگەڵدا ئاوێتەبکات، تاوای لێدێت کەبچێتە ناوقوڵایی نهێنیەکانیەوەورووناکیان بکاتەوە بەجۆرێك کاریگەری خۆی جێبهێڵێت لەسەر ویژدان وضەمیری، بەمەش دەگەینەئەو ڕاستیەی ئەگەر بەم شێوەیەبوو ئەو کاتەئیمان وباوەڕ خۆی بۆ خۆی لەدڵ ودەروونی مرۆڤەکاندا جێی خۆی دەکاتەوە ولەهەموو شتێك لەلای لەپێشتر دەبێت .

بەڵێ ئیمان : بریتیەلەباوەڕ بوون بەدڵ، بەباوەڕێکی ڕاست ودروستی بێ هیچ گومانێك، پاشان ئەوەی لەدڵیشدا هەیەبەزمان بیڵێت ودانی پێدا بنێت، باقی ئەندامەکانی تری لەش بەکار وکردەوە ئەوە بسەلمێنن، بەمەش گوێڕایەڵیەکی تەواوی بێ چەن وچوون بۆ خوای گەورەدێتەئاراوە، وا دەکات لەخاوەنەکەی هەموو کاروکردەوە وهەڵسوکەوتی تەنها وتەنها لەبەر ڕەزامەندی خودا بێت ورەزامەندی هیچ کەسێك تێکەڵ بەڕەزامەندی ئەو زاتەپیرۆزەنەکات،

ئەمەش مەرجێکی سەرەکیەبۆ وەرگرتنی هەموو کارێك لای خوای گەورە کە لەکتێیەکانی عەقیدەدا بە( الاخلاص ) ناوزەدکراوە، سەرەڕای ئەمەش ئەو عەقیدەیەی باسمان کرد باوەڕداری ڕاستەقینەپاڵ پێوەدەنێت هەموو هەنگاوەکانی بەپێی میزان وتەرازووی شەرع بێت، ومل کەچی تەواو نیشان بدات بۆ بڕیارەکانی ئەگەر هاتوو لەبەرژەوەندی ئەویش نەبوون .

گومانی تێدا نیەکار وکردوەی مرۆڤەکان لەئیسلامدا بەپێی بەهێزی وبێ هێزی باوەڕەکەیان لەکەسێکەوەبۆ کەسێکی تر جیاوازی هەیە، هەر ئەمەش وادەکات کەپلەکانی باوەڕداران لەبەهەشتدا جیاواز بێت، پێغەمبەران ( علیهم السلام ) لەبەهەشتەباڵاکاندا بن وشەهیدان وراستگۆیان وپیاوچاکانیش لەخوار ئەوانەوەتا دەگاتەئەو ئاستەی کەمترین کەس لەبەهەشتدا دەهێندەی دونیای پێ بدرێت.

بەرهەمی عەقیدەی ڕاست ودروستە باوەڕدار دەیگەیەنێت بەخۆشی وشادی باخ وباخاتی بەهەشت و نەمریی وژیانی خۆش بەختی هەتا هەتای ، تا دەیگەیەنێت بەخۆشترین نیعمەت کەئەویش بینی پەروەردگاریەتی، وەك خوای گەورەدەفـەرموێت : **( وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ (٢٢) إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ (٢٣) )** [ القيامة: ٢٢- ٢٣ ] واتە: لەداوا ڕۆژدا ڕووخسارانێك گەش ودرەوشاوەن * چونکەبۆ خۆیان تەماشای زاتی پەروەردگـاریان دەکەن .

لەدونیا مرۆڤ چەندێك پێویستی بەئاو وهەوا هەیە، زۆر زیاتر پێویستی بەعەقیدەیەکی صەحیحی ئیسلامی هەیە، چونکە ئادەمیزاد بەبێ بیروباوەڕێکی ڕاست وردوست گومڕاو وسەرلێشێواو دەبێت وحەقیقەتی بوونی خۆی وون دەکات ونازانێت گرنگی‌چیەلەژیاندا، کەسێکی بێ ئامانج و عەبەثی لێدەردەچێت لەو کەسانەی کەخوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێت:**( ... لَهُمْ قُلُوبٌ لَا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَا يَسْمَعُونَ بِهَا أُولَئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُولَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ )** [الأعراف : ١٧٩ ] .

واتە: ئەوانەکەسانێکن خوا دڵی پێدابوون کەچی هەقی پێ فەهم ناکەن، وەچاوی پێداوون کەچی ڕاستی پێ نابینن، وەگوێی پێداوون کەچی هەقی پێ نابیستن، ئائەوانەوەکو ئاژەڵ وان ( لەشوێن کەوتنی هەواو ئارەزویاندا ) بەڵکو خراپتر ووێڵ تریش، هەر ئەوانەن بێ ئاگاکان .

بەپێچەوانەشەوەکەسی خاوەن باوەڕ وعەقیدەی صەحیح کەسێکەئەرك وهەدەفی بوونی خۆی دەزانێت لەژیاندا، دەزانێت خوای گەورە بۆچی خەلقی کردوە، لەبەرچی جودای کردوەتەوەلەتەواوی مەخلوقاتی تر، وەك دەفەرموێت **: ( وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ**

**فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا )** [ الإسراء : ٧٠ ] .

واته: سوێند بەخوا ئێمەڕێزمان لەنەوەکانی ئادەم گرتووە، وبەسەر ووشکانی ودەریادا ( بەهۆکارەکانی گواستنەوە) هەڵمان گرتوون ولەڕزق وڕۆزی پوخت وچاکی جۆراو جۆر بەهرەمەندمان کردوون، بەڕاستی ئێمەڕێزی زۆر زیادی ئەوانمان داوەبەسەر زۆربەی ئەو بەدیهێنراوانەی کەدروستمان کردوون ( تاوەکو قەدرو ڕێزی خۆیان بزانن ).

ئەم عەقیدەیەش ئەو ڕۆڵەدەبینێت کەخاوەنەکەی دڵ ئارام و ئیطمیئنان دەکات بەشێوەیك ویژدان ودەرونی پێی ئاسوودەدەبێت، وەك پەروەردگار دەفەرموێت : ( **أَوَ مَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ....)** [ الأنعام: ١٢٢ ] .

واته: ئایا ئەو کەسەی مردبوو ( واته بێباوەڕ بوو خوای گەورەکەسی بێباوەڕی ناوبردوەبەمردوو ) ئەمجا ( بەهۆی ئیمان وعەقیدەیەوە) زیندوومان کردەوەونوور ڕوناکیەکمان پێ بەخشی لەژیانیدا ( کەمەبەست پێی قورئانە) لەناو خەڵکیدا پێی دەڕوات وهەڵسو کەوتی پێدەکات ( هاندەرێتی بۆ هەموو کارێکی چاکەودەیگرێتەوەلەهەموو خراپەیەك ) ئایا ئەو کەسەوەك ئەوەوایەکەلەناو تاریکی ( بێ باوەڕیدا ) گیری خواردووەولێی دەرناچێت .

## گەردوون هەمووی پێشانگایەکەخوای گەورە

## ڕازاندوویەتیەوەبۆ ئەوەی گەورەیی دەسەڵاتی ئەوی تێدا بەدی بکەیت

مرۆڤی ژیر وخاوەن هۆش وعەقیدەی ڕاست کاتێك دەگەڕێت بەسەر زەویدا ووورد دەبێتەوەلەگەردوون ودرستکراوەکانی خودا، دەسەڵات وگەورەی پەروەردگاری بۆ دەردەکەوێت، وەك خوای گەورەدەفەرموێت **: ( وَفِي الْأَرْضِ آيَاتٌ لِّلْمُوقِنِينَ* وَفِي أَنفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ)** [الذاريات: ٢٠ ـ ٢١] ، واته: بێگومان لەسەر زەویدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە( لەسەر دەسەڵات و زانیاری خودا ) بۆ کەسانێك کەبەشوێن دڵنیاییدا دەگەڕێن * هەروەها لەخوودی خۆشیاندا ( لەهەموو خانەوکۆئەندامێکی لەشدا، لەهەموو ئەندامێك لەڕۆح ونەفس وعەقڵ و ... هتد بەڵگەی بێ سنوور هەیەلەسەر زانایی وبەتوانایی وجوانکاری زاتی بەدیهێنەر) ئایا ئەوەبۆ چاو وبیناییتان ناخەنەکار وهەقی بۆ پێ نابینن .

بەڵێ لەهەر شتێكدا دێتەڕێگای، جار لەدوای جار باوەڕی بەهێزتر دەبێت زیاتر ملكەچی خالقی باڵادەستی دەبێت، بۆیەكۆتا جار ناچار دەبێت وتەنها هەر ئەمەدەڵێتەوەكەپەروەردگار دەفەرموێت : **( الذين يذكرون الله قياما وقعوداً وعلى جنوبهم ويتفكرون فى خلق السموات والأرض رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذا بَاطِلاً سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّار)** (آل عمران: ١٩١ ).

واتە: ئەوانەی یادی خودا دەكەن لەكاتێكدا كەبەپێوەن یان دانیشتوون یان ڕاكشاون ( لەهیچ حاڵەتێكدا یادی ئەو زاتەفەرامۆش ناكەن ) هەمیشەبیردەكەنەوەلەدروست بوونی ئاسمانەكان وزەوی ( بیر دەكەنەوەلەهەموو ووردەكاریەك، سەرنجی هەموو دیاردەیەك دەدەن، سەرەنجام دەڵێن ) : ئەی پەروەردگارمان تۆ ئەم هەموو دروستكراوانەت بێ هوودەوبێ ئامانج دروست نەكردووە، پاكی وبێگەردی شایستەی تۆیەئەی خودایە، دەتۆش بمانپارێزەلەسزای ئاگری دۆزەخ .

**( ئامین یارب العالمین )**